# پیاوان پێیان ناخۆشە پێیان بوترێت ژنانی

لەنوسینی ئەم بابەتەدا بەپرسیارێك دەستپێدەكەین، بۆچی زۆرێك لەپیاوان پیاون پێیان ناخۆشە پێیان بوترێت ژنانی، نەك هەر پێیان ناخۆشە، بەڵكو بەجۆرێك لەعار سەیری دەكەن؟

لێرەوە ئێمە بەپێی توانا هەوڵدەدەین، بەشێك لەو ئاماژانە بخەینە روو كە دالی ژن، لەخۆی گرتوون، لەكۆمەڵگایەكی سونەتی وەكو كۆمەڵگای ئێمەدا.

سەرەتا بابزانین ژن بوون مانای چی‌یەو كاتێك لەناوەوە دەگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو ئەو مدلولانە چین كە دروستیان دەكات، بەمانایەكی تر خۆی (ژن) چی‌یە؟، كە دەگۆڕێت بۆ (ژنانی) چییە، وە كاتێك ئادگارەكانی ژنانی پاڵ دەدرێنە رەگەزەكەی تر، چ كاریگەریەك دروست دەكات.

وشەی (ژن) دوو مانا لەخۆیدا هەڵدەگرێت، مانایەكی بەرجەستەو مانایەكی مانەوی، مانا بەرجەستەكەی، واتە پێكهاتەی فیزیكی ژن، كە بریتیە لەپێكهاتەی جەستەیی ژن، كە لەكۆمەڵێك بەشەو كۆئەندام پێكهاتووە، كە بەشێك لەم بەشو كۆئەندامانە جیاوازن، لەپێكهاتەی فیزیكی رەگەزەكەی تر.

دەكرێت بڵێین ئەم جیاوازیانە دەبنە خاڵی سەرەكی جیاكردنەوەو جیاوازبوونی ژن لەرەگەزەكەی تر، گەرچی بەشێكی زۆر پێكهاتەی بایۆلۆژی هەردوو رەگەزەكە یەك وەزیفەو ئەركیان هەیە. لێرەدا نامەوێت زۆر هەڵوەستە لەسەر پێكهاتەی فیزیكی بكەم، بەقەد ئەوەندەی كە دەمەوێت هەڵوەستە لەسەر مانای دووەمی (ژن بوون) بكەم، كە مەبەستمان رەهەندە مانەوییەكەیەتی، گەرچی نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت كە بەشێكی زۆری ئەو ماناو مەدلولانەی لایەنی دووەمی ژن بوون پێكدەهێنن لەكۆمەڵگای ئێمەو زۆربەی كۆمەڵگا دواكەوتووەكانی دونیا لەسەر بنەمای پێكهاتەی جەستەیی بنیات نراون.

ژن بەمانا مانەوییەكەی بریتیە لەكۆمەڵێك خەسڵەت كە ئەو خەسڵەتانە هەموویان نزمن‌و سەر بەدونیای فالۆسن، ئەم خەسڵەتانە لەتافی ئەفسانەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی لۆجیك‌و فەلسەفە تا دەگاتە تافی دەركەوتنی ئاینە سستمكراوەكان لەبەرگ‌و نۆرمی جیاوازدا خۆیان فۆرماڵیزە دەكەنەوەو درێژە بەخۆیان دەدەن، كە دەكرێت بڵێین ئەم ئادگارانە لەبەرمەبنای پێكهاتەی جەستەییەوە بیناكراون، بەواتایەكی دی ئەم خەسڵەتانە بەشێك نین لەهەقیقەتی ژن بوون، بەڵكو كۆمەڵێك پێدراوی كەلتورین.

لەو خەسڵەتانەش، كەم ئەقڵ، ترسنۆك، لەخشتەبەر، جادوگەر، ئەهریمەن..هتد.

جارێكی تر دەگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارەی كە بۆچی پیاو پێی ناخۆشە پێی بوترێت ژنانی، دیارە بەتەنها لەبەر ئەو كۆمەڵە خەسڵەتە نیە كە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، بەڵكو كۆمەڵێك ئاماژە لەپشت ئەو تێرمەوە خۆی حەشارداوەو لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێك لەو ئاماژانە بخەینەڕوو.

رەهەندی ئابوری: رەهەندی ئابوری یەكێكە لەو رەهەندانەی كە لەكۆمەڵی ئێمەداو زۆربەی كۆمەڵگاكانی دنیادا پیاو تێدا بەشی شێری بۆ خۆی قۆرخ كردووە، ژمارەیەكی كەم لەژنان توانیویانە لەم رەهەندەدا پشكداربن، بەڵام بۆچی لایەنی ئابوری بەو شێوەیە گرنگە كە پیاوان بۆ خۆیان پاوانیان كردووە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی وەدەخستنی سەرمایەی مادییە، سەرەڕای گرنگی سەرمایەی مادیی بۆ ژیان‌و بوون‌و گوزەرانی خەڵك، ئەمڕۆ مادە لەفۆرمە نقدییەكەیدا ترۆپكی گرتووەو پاشەكشەی بەگەلێك بەهای تری مرۆیی كردووە كە بەشێكن لەبەهای مۆراڵی ئێمە، وە بوەتە سەرچاوەی سەرەكی بۆ وەدەسخستنی چێژەكان، بەتایبەتی چێژی جەستەیی.

ئەم رەهەندە بەرزو باڵایە، بەگشتی پەیداكردن‌و بەرهەمهێنانی پەیوەستە بەئەقڵ‌و سەلیقەو توانای بازووی پیاوەوە، نەك ژن. بۆیە كاتێك بەپیاو دەوترێت ژنانی، واتە دروستكردنی دیستانس لەنێوان رەهەندی ئابوری‌و پیاوبووندا، لێرەوە راستەوخۆ پیاو دەبەینە دنیایەك كە پێی دەوترێ دنیای ئینجابی نەك ئینتاجی.

دونیای ئینجابی، ئەو دنیایەیە كە بەپێچەوانەی دنیای پیاوەوە ژن تێیدا بەشی شێری بەردەكەوێ، مەبەستمان لەو دنیایەش، هێنانی مندال‌و پەروەردەكردنی‌و بەخێوكردنی‌و هەروەها بەڕێوەبردنی ماڵە، گەر لەدیدێكی سۆسیۆلۆجیەوە بڕوانینە ئەم رەهەندە، دەكرێت بەكارێكی یەكجار گەورەو بەرزی لەقەڵەم بدەین چونكە لێرەوەیە كە تاكەكان فێری كۆمەڵێك بەهای مانەوی تەندروستو جوان دەكرێن، بەڵام ئەوەی جێگەی نەنگیە ئەوەیە كە كۆمەڵگای ئێمە بەردەوام بانگەشەی ئەخلاق‌و بەئەخلاق بوونی خۆی دەكات، بەڵام لەواقیعدا هێندەی پەیوەستە بەبەها بەرجەستەكیەكانەوە، ئەوەندە پەیوەست نیە بەبەها مانەوییەكانەوە.

رەهەندی كۆمەڵایەتی: لەنەستی كۆگەلی ئێمەدا، ژن بوون بەسروشت بۆ خۆی عەیبەیەكە، ئەم عەیبەیەش بۆ خۆی لەژیانی رۆژانەی ئێمەو رەفتاری كەسەكان رەنگی داوەتەوە، ئەو عەیبەیەش راستەوخۆ پەیوەستە بەو وەزیفە ئەخلاقیەی كە ژنی پێوەی پەیوەست كراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە كەلتوری زارەكی ئێمە خاوەنی چەندین ووشەو تێرمی نزمە بۆ ژن، لەوانە (بێ ئەقڵ، ترسنۆك، گرینۆك..هتد) كۆمەڵگا وا سەیری رەگەزی مێ دەكات، وەكو ئەوەی ئەم بەها مانەویانە بەشێك بن لەپێكهاتەی خانەو ئێسك‌و گۆشتی رەگەزی مێ وەك ئەوە سەیر دەكرێت ئەو رۆژەی كە هاتۆتە دنیاوە، ئەمانەی بەسروشت لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

وەكو دەڵێن "ژن ئەقڵی لەكۆشیدایە كە هەستایە سەرپێ لێی دەكەوێ" ئەمانەو چەندان مەقولەی تر.

حاڵەتێكی تر كە گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، مەسەلەی ناسنامەیە، كە لەكەلتوری زارەكیدایماندا بەمەسەلەی پشتو ناسنامەی خێزان دەناسێنرێت، ئەوە رەگەزی نێرە بەتەنیا دەتوانێت ناوی خێزان‌و سەرجەری خێزان بپارێزێت‌و بۆ ماوەیەكی زۆر دورو درێژ كوێری نەكاتەوە. ئەم بەها رەمزیە یەكێكە لەو بەهایانە كە زۆر جێی بایەخە لەكۆمەڵگەی ئێمەدا. دیارە مرۆڤێك كە بەسروشت بۆ خۆی خاوەنی پێكهاتەیەكی ناتەواو بێت چۆن دەتوانێت مەسەلەی نەمری بۆ تاكەكان‌و بنەماڵەكان بپارێزێت، ئەمەش لەكاتێكدا كە مرۆڤ بۆ خۆی خولیایی نەمرییەو بەهەر رێگایەك بوە دەیەوێت نەمری خۆی بپارێزێت.

رەهەندی سێكسی: لەدیدی ئێمەوە ئەم رەهەندە، زۆرترین كاریگەری لەسەر ئەو حاڵەتە دادەنێت، ئەگەرچی ئەم رەهەندە زۆر ئاڵۆزو فرە رووەو دەكرێت لەچەندین دیدی جیاوازەوە. بخوێنرێتەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا نامانەوێت ئاماژە سیۆلۆجی‌و ئاینی‌و كۆمەڵایەتیەكەی ئەم رەهەندە بخەینەڕوو، بەقەد ئەوەندەی كە دەمانەوێت كاریگەری ئەم فاكتەرە لەسەر خودی ئەو بابەتە بخەینە ڕوو، كە لێرەدا بوەتە جێگەی سەرنج‌و نوسینی ئەم بابەتە، تاكو هەنوكەش تا ئاستێكی بەرز كردەی سێكسی كردەیەكی یەك لایەنیە، مەبەستم لەیەك لایەنە ئەوە نیە كە مرۆڤێك بەتەنها هەستێت بەئەنجامدانی ئەم كردەیە، بەڵكو بەپێچەوانەوە، ئەم كردەیە لەنێوان دوو مرۆڤدا روودەدات، بەڵام لەم كردەیەدا یەكێك ئەكتیڤە بەبێ كەمترین سانسۆری دەروونی‌و كۆمەڵایەتی كردەكە ئەنجام دەداتو لەبەرامبەریشدا زۆرترین چێژ بۆ خۆی دەبات، لەم كردەیەدا ئەم سوار دەبێتو بكەرە، ئەمە سەرەڕای پێكهاتەی فیزیكی كۆئەندامی زاوزێی ئەوی نێر كۆمەكی زۆر بەمەسەلە دەكات.

لێرەوە ئەوی نێر خۆی بەپاڵەوانی كردەیەك یان رووداوێكی كۆمەڵایەتی راستەقینە دەچوێنێت، دواجار ئەم حاڵەتە كۆمەڵێك مدلول بۆ ئەوی نێر بەرجەستە دەكات، لەوانە پیاوەتی ـ جوامێری ـ شان‌و شەوكەت. دیارە مەبەستم لەم ووشانە دیوە مانەوییەكەیان نیە، بەڵكو تەواو دیوە فیزیكیەكەیەتی كە لەهێزدا خۆیان بەرجەستە دەكەن، بەڵام رەگەزی مێی لەم كردەیەدا بونەوەرێكی پاسیڤی ترسنۆكی شەرمۆكە. كە سەرچاوەی چێژەو بدەرەو لەژێرەوەیە. گەرچی بیەوێت لەم كردەیەدا نەك وەك پاڵەوان بەڵكو وەكو لایەنێكی بەشداربووی هاوكێشەكە مامەڵە بكات زۆرجار بەبێ ئابروو لێی دەڕوانرێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی تانوپۆكانی كردەی سێكسی تاكو هەنوكەشە، ئەوەندە بەقوڵی تێكەڵ بوە لەگەڵ مەسەلەكانی ئەخلاق، پیرۆزی‌و پۆخڵیدا، كە لێرەدا قورسە بتوانین یەكە یەكەی ئەو رەهەندانە شی بكەینەوە دواجاریش كاریگەریان بۆ سەر هەریەك لەپیاوو ژن دیاریبكەین. بۆیە گەرچی كردەی سێكسی لەچوارچێوەیەكی شەرعی‌و رێگەپێدراودا ئەنجام بدرێت، دەبێت ئەوی مێ ئاگای لەخۆبێت لەئەنجامدانیدا، چونكە ئەو دواجار لەدیدی كۆمەڵەوە سەرچاوەی شەهوەتو كردەیەكی ئەهریمەنانەیە.

لێرەوە دەكرێت بڵێین كە ئەمانە كۆمەڵێك خەسڵەتی نزم‌و ناشرین كە پەیوەست كراون بەكارێكتەری ژنەوە، بۆیە پیاو پێی ناخۆشە هەم ژن‌و لەهەمانكاتیشدا ژنانی بێت.

**كۆچەر**

---

# خاتوو پەخشان زەنگەنەم زۆر سەرحاڵ بینیی!

دیارە لەنێوەندی رەخنە لەكاروچالاكی ژنانی نێو رێكخراوەكان، دەكرێت هەڵوەستەیەك لەئاست جدیەتی لیژنەی مافی ژنان لەپەرلەمانی كوردستان بكرێت، ئەوكۆمەڵە ژنە لەسەرەتایی دەست بەكاربونیانەوە هەوڵیان داوە هەنگاوی جدی بنێن و لەم هەنگاوانەشیاندا هەوڵیان داوە كە پشت بەستوو بن بە راوەرگرتن وگفتوگۆ لەوێوە دەستیان بۆ چەند مەسەلەیەكی گرنگی پەیوەست بەژنانەوە بردوە، لەوانە مارەبرینی كچان بەمنداڵی كە هەموو ئەوناوەندو كەسایەتیانە یان بانگ كردبوو كە كاریان بۆئەم مەسەلەیە كردوە وهاوكات كارەكانیان پەیوەستە بەم مەسەلەیەوە، ئەوەی بۆئێمە جێگە سەرنج بوو لەو دانیشتنەی لەناو بینای پەرلەماندا لیژنەی داكۆكی لەمافەكانی ژنان بۆ قسەكردن لەسەر چارەنووسی ئەو كچانەی كە بەمنداڵی مارە بڕاون سازدرابوو. ئەوە بوو كە ئەم دەستەیە جگە لەوەی كە كاری ئیداریی و بەرنامە رێكخستن هەر لەنان ئامادەكردنەوە تابە هاتنی میوانەكان‌و بانگهێشت كردنی ئەو كەسانەی كە ئاگاییان بەمەسەلەكە هەیەو، هەروەها بانگهێشتكردنی كەسانی یاسایی، گفتوگۆی چروپڕ لەسەر رێگا چارەی گونجاو سەبارەت بەو مەسەلەیە كرا.

كارێكی دی ئەم دەستەیە ئامادەكردنی پرۆژەیەكی یاسایی تایبەت بەكاروباری كەسێتی‌یە، كە زیاتر پشتی بەستوە بە یاسایی مغریب وتونس، لەم هەنگاوەشیاندا هەرچەند رێكخراوی ئێمە فەرامۆش كرابوو بەڵام بە هۆی بانگهێشتكردنی چەندین كەسی یاسایی ودڵسۆزو مەبەستدار بەم مەسەلەیە ئامادەنەبونی رێكخراوی ئێمە كێشەیەك نەبوو، دوایی گەلاڵە كردنی پرۆژەكە بریار بوو لە٨مارت لیژنەی ژنانی پەرلەمان ئەم پرۆژەیە بداتە سەرۆكی پەرلەمان.

رۆژی ٨مارت لەونیوەرۆخوانەی كە ئامادەكارانی كۆنفرانسی نێو دەوڵەتی ئافرەت لەهەولێر بۆخۆیان وهاورێكانیان ئامادەیان كردبوو ئێمەشی بەهۆی بەرپرسی سەنتەرەوە لەسەر ئەم مێزە كۆكردەوە، هەرچەند ئەم مێزە جیایە لەژنان بۆ ئێمە جێگە پرسیار بوو. كە ئامانجی ئەم نوسینە قسەكردن نیە لەسەر ئەمە بەڵكو ئەو نائارامیەی خاتوو پەخشان زەنگەنە ئەندامی لیژنەی مافی ژنان كە لەسەر ئەم مێزە بوین وتی "ژنینە من دووررۆژە نەخەوتوم دەبوا ئەمرۆ پرۆژەكە بدەینە سەرۆكی پەرلەمان، بەڵام هەردووبرگەی زەواجی مەعنی و میرات، دەترسین سەری ئەوانی دیش بخوات نازانم چی بكەین "ئێمەش وتمان نابێت سازش لەسەر یەك برگەی بكەین وهاوكات دەبێت پەلە نەكرێت بۆئەوەی بزانین چی دەكەین بەتایبەت مەسەلەی میرات، كە مەسەلەی موڵكایەتیە و تەواوی نێرینەكان دژی دەوەستن وبەناوی ئاینەوە دێن و شەڕی خۆیان دەكەن.

خاتوو پەخشان ووتی "ئێمە گەر راگەیاندنی رێكخراوەكان كۆمەكمان بكەن زۆر باشە "وتم وایە بەڵام ئەمەش بیركردنەوەی دەوێت، یەكەم تەواوی رێكخراوەكان ناتوانن ١٠٠ژن وەك خۆیان بۆمەسەلەیەكی وابێننە سەر شەقام گەر كۆمەیتەو لقی حیزبەكان كۆمەكمان پێ‌نەكەن، ئیدی لەتەواوی ئەو ژنانەی لەو نیوەڕۆ خوانەدا ئامادەبون ئەم مەسەلەیە بەتەنها بووە جێی گفتوگۆی ئێمەو خاتوو پەخشان.

خاتوو پەخشان رۆشت وئێمەش هەرلەبیركردنەوەی ئەوەداین چی بكەین بۆ ئەوەی كە بتوانین ئەم پرۆژەیە بكەینە ئەمری واقع ، گەر پەرلەمانیش رەزامەندی پیشان نەدا، چۆن زەمینەیەكی وابرەخسێنین كە ژنان خۆیان داكۆكی كارێكی جدی بن لەسەری .

**رێوان**